# شارستانیەت و نوێکاری[1]

نوسینی: دکتۆر عەلی شەریعەتی
وەرگێرانی: سوداد رەسول

هەموو دینە گەورەکانی جیهان بە تایبەت دینی ئیسلام بۆ کامڵ بوونی مرۆڤایەتی و دەوڵەمەند کردنی ئینسان لە لایەنی فەرهەنگی و مەعنەوی و دوورخستنەوەی ئینسان لە وەحشیگەری و نزیک کردنەوەی ئینسان و مرۆڤایەتی بۆ ئەوپەڕی لوتکەی شارستانیەت و فەرهەنگ و مەعنەویەت هاتۆتە کایەوە و سەریهەڵداوە. کە دەڵێم (بەتایبەت ئیسلام) بۆ ئەوەیە چونکە ئاینەکانی دیکەی جیهان، ئاینە گەورە و بە حەقەکان، پەیامەکەیان بە زۆری لایەنی مەعنەوی و ئەخلاقی و رۆحی هەروەها کامڵ بوونی مرۆڤایەتی لە لایەنی مەعنەوی و رۆحی گرتۆتەوە، کەچی ئیسلام لەیەک کاتدا ئاینێکی شارستانیەت سازە، کۆمەڵگا سازیشە.

بەم پێیە کە بابەتی لێدوانی من (شارستانیەت و نوێکارییە) هەروەها لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەوەی کە فەرهەنگ چییە؟ وەحشیگەری چییە؟ شارستانی کێیە؟ نوێگەر کێیە؟ دەبینین تێکرای ئەو مەسەلانە لە ناخی ئیسلامدا هەیە، و یەکێک لە سەرەکیترین ئەو مەسەلانەیە کە هەر موسڵمانێک دەبێ بەردەوام لەگەڵ ناوی ئیسلام ئەم مەسەلانەی بە مێشکدا بێت، بە تایبەت ئەو رۆشنبیرانەی کە سەر بە کۆمەڵگە ئیسلامییەکانن پەیامی راستەوخۆی نوێکاری و بە شارستانی بوونی خۆیان کۆمەڵگەکەیان لە ئەستۆ دایە.

یەکێک لە حەساسترین مەسەلە و بەڵکو حەیاتی ترین مەسەلەی کە ئەمرۆ پێویستە بۆ ئێمە بخرێتە روو، بەڵام بە داخەوە تاوەکو ئێستا نەخراوەتە روو ئەویش مەسەلەی نوێکارییە، کە ئەمرۆ لە تێکرای کۆمەڵگاکانی غەیرە ئەوروپایی هەروەها لە کۆمەڵگاکانی ئیسلامی روو بە رووی دەبینەوە، هەروەها بابەتی ئەوەی کە کە نوێکاری(تجدد) Modernization یا شارستانیەت(تمدن) Civilization چ پەیوەندییەکیان لەگەڵ یەک هەیە، ئایا هەروەک لە ئێمەیان گەیاندووە، نوێکاری هاوتا و هاومانای شارستانیەتە، یان نەخێر نوێکاری بابەتێکی جیاوازە و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دیکەیە، هیچ پەیوەندییەکی بە شارستانیەتەوە نییە؟ بەڵام بە داخەوە بە ناوی شارستانیەت، نوێکاریان دەرخواردی کۆمەڵگە غەیرە ئەوروپییەکان داوە.

لەم سەد و پەنجا ساڵەی رابردوو کە هەموو کۆمەڵگە غەیرە ئەوروپییەکان بە کۆمەڵگە ئیسلامییەکانیشەوە کەوتونەتە بەر تەئسیر و پەیوەندی کردن لەگەڵ رۆژئاوا و شارستانیەتەکەی، دەبوایە نوێ ببینەوە و رۆژئاواش پەیامی نوێکردنەوەی ئەو کۆمەڵگایانەی لە ئەستۆ گرت، بەڵام بە ناوی بە شارستانی کردن و ئاشنایی کردنی ئەو کۆمەڵگایانە بە شارستانیەت، نوێکاریان بەئێمە دا(کە دەڵێم –ئێمە– مەبەستم کۆمەڵگە غەیرە ئەوروپییەکانە) و وایان مەعنا بۆ دانا کە ئەو نوێکارییە هەمان مەعنای شارستانیەت دەگەیەنێ. هەر لە زوودا دەبوایە رۆشنبیرانی ئێمە حاڵی بووان و بۆ خەڵکی ئێمەیان روونکردبوایەوە و تێگەیاندبوایە کە نوێکاری مەسەلەیەکە و شارستانیەت مەسەلەیەکی دی، هەروەها ئەو کۆمەڵگایانەی کە دەیانەوێ شارستانی بن لە رێگەی نوێکارییەوە ناتوانن پێی بگەن، بەڵام ئەم راستییەیان بۆ ئێمە روون نەکردەوە. بۆچی رۆشنبیر و خوێندەوارانی کۆمەڵگە غەیرە ئەوروپاییەکان لەم سەد یان سەد و پەنجا ساڵەی دوایی– کە ئەوروپا پەیامی نوێکردنەوەی ئەو کۆمەڵگایانەی لە

---

1- سەرچاوە: ئەم نووسینە(تمدن و تجدد) بەشێکە لە کتێبێکی دکتۆر عەلی شەریعەتی بە نێوی (ویژەگیهای قرون جدید)، چاپ اول. زمستان 1.1361

ئەستۆ گرت و ئامانجی نوێکردنەوەی هەموو ئینسانێکی غەیرە ئەوروپی بوو- ئاگایان لە مەسەلەیەکی وا نەبوو؟ هۆیەکەشی لە دوو توێی ئەم باسە روون دەکەمەوە.
بەم پێیە دەبینین کە ئەمە سەرەکیترین مەسەلەیەکە بۆ ئێمە وەک خەڵکێک لەم سەدەیە- کە لەگەڵ دیاردەیەکی وا کە بە چارەنووسی ئێمە و کۆمەڵگەی ئێمە ، هەروەها لەگەڵ عەقیدە و فکر و رۆحی ئێمە سەروکاری هەیە و راستەوخۆ رۆژانە روو بە رووی دەبینەوە- هەروەها حەساسترین مەسەلەیەکە بۆ ئێمە وەک موسڵمان- کە سەر بەئاینێکین لەمەڕ مەسەلەی شارستانیەت و نوێکاری، فەرهەنگی مرۆڤایەتی و ژیانی دنیایی ئینسان، بەرپرسیاریەتی و ئامانج و رێنوێنی کردنی هەیە- ئەمڕۆ ئەم مەسەلەیە لە گۆڕێیە.
بۆ ئەم باسە چەند زاراوەیەکم هەیە کە بەم زاراوانە دەدوێم، ئەگەر ئەمانە نادیار بن ئەوا تێکڕای ئەم باسە نادیار و ناتەواو دەبێت، هەر بۆیە پێش دەسپێکردنم بە ناوەڕۆکی ئەم باسە و مەبەستم بخەمە روو ، ناچارم زمانی خۆم و ئەو مەفهومە تایبەتەی کە بۆ ئەو ووشە و زاراوانە هەیە مەعنایان لێک بدەمەوە.
من پشت بە چەند ووشە و زاراویەکی سەرەکی دەبەستم کە کلیلی ئەو باسەیە، دوای مانا لێکدانەوەی ئەو زاروانە ئەوجا دێمە ناو باسەکە.
یەکەم: ئەو زاراوە رۆژانە و باوەی (رۆشنبیر) کە لە کۆمەڵگەی ئێمە و تێکڕای کۆمەڵگاکانی دنیا، چ ئەوروپایی و غەیرە ئەوروپایی، زۆر بەبرەوە، چ مەعنایەکی هەیە؟ بە چ کەسێک دەڵێن(رۆشنبیر)؟ چ کەسانێکن و چ پەیامێک و رۆلێکیان لە کۆمەڵگە لە ئەستۆ دایە؟ یان هەر لە بنەڕەتدا رۆشنبیران کێن؟
رۆشنبیران لە ئەوروپا ، توێژێکی تایبەت و ناسراوی کۆمەڵگەی ئەوروپایین، کە چۆنیەتی پەیدا بوون و پێکهاتن و پەرەسەندنیان، هەروەها شێوەی کاریان لە کۆمەڵگە و ئەو نەخشەی کە لە کۆمەڵگەی خۆیان دەیگێڕن رۆشنە، لە وڵاتانی غەیرە ئەوروپایی وەک وڵاتانی ئیسلامی و وڵاتانی ئەفەریقاییش دەستەیەک پەیدا بوون بە ناوی (رۆشنبیر) ( ئەوانەش خاوەن توێژێکی رۆشنبیرین)، خەڵک بەوانەش دەڵێن رۆشنبیر، ئەوانە چ جیاوازیەکیان لەگەڵ رۆشنبیرانی ئەوروپایی هەیە ؟ ئایا جیاوازیەکیان هەیە یا هەر درێژەی ئەو سەرهەڵدانە رۆشنبیریەی ئەوروپان؟
دووەم: ووشەی (ئەسیمیلەassimilate) یا (ئەسیمیلاسیۆنassimilation)، ئەم ووشەیە بنەڕەتی هەموو لێکۆڵینەوەکە و چارەنووسێکە کە ئێمە – ئێمەی غەیرە ئەوروپاییەکان و موسڵمانان- ئەمڕۆ تووشی هاتووین.
باسێکی دی بە ناوی (ئەلیناسیۆنalienation) ە، ئەلیناسیۆن واتە لە خۆ بێگانە بوونی ئینسان، واتە ئینسان خۆی لێ وون دەبێ و شتێکی دیکە یا کەسێکی دیکە لە جێگەی خۆی لە خۆی هەست پێدەکات، ئەمەش جۆرێک لە نەخۆشیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی و رۆحی ئینسانە.(ئەسیمیلاسیۆن) واتە ئینسان لە خۆوە یان بە ئەنقەست خۆی بە یەکێکی دیکە بچوێنێ. ئینسان کاتێک تووشی ئەم نەخۆشیە دێت هەرگیز ئاگای لە شەخسیەت و رەسانایەتی و تایبەتمەندییەکانی خۆی نییە، بەڵکو ئەگەر ئاگاشی لێبێ ئەوا رقی لێدەبێتەوە. بۆ ئەوەی ئەو لە هەموو تایبەتمەندییەکانی شەخسی و خێزانداری و کۆمەڵایەتی و نیشتمانی خۆی دوور کەوێتەوە، زۆر بە توندی و بە وەسواسیەکی زۆر و بێ هیچ قەید و شەرتێک خۆی بە یەکێکی دی دەچوێنێ، تاوەکو لەو نەنگیەی کە لە خۆی و هەر شتێکی سەر بە خۆیەتی هەست پێدەکات، خۆی بەری بکات، هەروەها لە هەر جۆرە شانازی و باشیەکی کە یەکێکی دیکە هەستی پێدەکات، بەرخوردار بێت.
ئەلیناسیۆن بە چەند جۆر و شێوە بە دەردەکەوێت و بە چەندین هۆکار بەستراوەتەوە. یەکێک لەو هۆیانەی کە ئینسان مەسخ دەکات ، ئالەت و ئامرازی کارەکەیەتی، ئەم مەسەلەیە لە کۆمەڵناسی و دەروونناسی بە تەواوەتی رۆشن بۆتەوە، کە هەر کەسیک بە درێژایی ژیانی و بە رادەیەکی زۆر پەیوەندی لەگەڵ ئالەتێک یان لەگەڵ شێوە کارێکی یەکجۆر زیاتر هەیە، کەم کەم شەخسیەتی سەربەخۆ

و راستەقینەی خۆی فەرامۆش دەکات و لە جێگەی خۆی ئەو ئالەتەی کارەکەی هەست پێدەکات. بۆ نمونە کەسێک کە هەمیشە لەگەڵ مەکینەیەک و برغویێک سەروکاری هەیە، هەموو رۆژێک لە سەعات 7 تا 12، دوای نیوەرۆش لە سەعات 2 یا 3 تا 5 و 6 و 7،... دەبێ لەسەر کار بێت ، هەموو ئیحساس و تەواوی فکر و سۆز و عاتیفەکانی و تایبەتمەندییە ئینسانییەکانی لە کار دەکەوێت، تەنها دەبێ بەو کەسە کە ئەو برغوە لە دەست بگرێت و ئەو کارە تایبەتەی ماشینییە- کە مەئمورێک ئەو کارەی پێداوە- ئەنجام بدات، بۆ نمونە رەیلێک بە پێشیدا رەت دەبێت بەو دەڵێن هەر دوو برغوێک کە تێپەڕ دەبێت برغوی سێیەم یەکجێ توند بکەوە! ئەو ئینسانە کە خاوەن سۆزی هەمەچەشن و چالاکی جۆر بە جۆر و هزر و دیدی جیاواز وسەلیقە و رق و ئیحساس و هیوا و ئاواتی جیاوازە، لە هەر وەختێکی کە هۆشیارە لە شەو و رۆژ ، لە زۆربەی کاتەکان، لە چالاکیترین حاڵەت کە وەختی کارەکەیەتی ئەو ئینسانە دەبێ بە مەخلوقێک کە بریتییە لە تونکردنەوەی برغوێکی نێوان دوو برغوی دی، ئەو لە تەواوی ئەو 10 یا 12 سەعاتە هیچ شتێک نییە و هەموو تایبەتمەندی و خاسیەتەکانی لە کار کەوتووە و برتییە لە ئینسانێک کە کارێکی دوبارە و یەک جۆر ئەنجام دەدات.

یەکێک لە گەورەترین دەرهێنەرانی فیلم و موفەکیرە هونەرییەکانی ئەمڕۆی جیهان، کە لە هەر کەسێک زیاتر خزمەتی بە ئینسان کردووە، ئینسانێک لە فیلم نیشان دەدات کە بە هۆی ئالەتی کارەکەیەوە لە خۆی بێگانە بووە، نمونەی تەواوی کەسێک و ئینسانێکە کە بووە بە شمەک بەهۆی مامەڵەی بەردەوامی لەگەڵ شمەک، زیاتر شمەک لە خۆی هەست پێدەکات تاوەکو خۆی لە خۆیدا. لە کاتێک ئەو کەسە لە پێشدا مرۆیەکی ئازاد بووە، هەست و ئیحساسی بووە، پەیوەندی جیاوازی بووە، دەستەیەک دۆست و برادەری بووە، کۆمەڵێک خزم و ناسیاوی بووە، هەندێک لەگەڵی دوژمن بوون و ئەویش لە دژیان بووە( تەواوی ئەو حاڵەتانەی کە ئینسانێکی ئاسایی هەیەتی) لە پاشان بۆ کارگەیەکی زۆر گەورە دەچێت، کە هیچ کرێکارێک نازانێت کە نەخشەی ئەو کارگەیە لە کوێوە تاکوێیە، تەنانەت نازانن ئەو کەلوپەلەی کە لەو کارخانەیە دەردەچێت چییە، بەڵکو هەر کەسێک بە درێژایی ژیانی کارێکی تایبەت لە گۆشەیەک ئەنجام دەادت. ئەو لەوێ دەکەوێتە سەر کار، و کارەکەی هەر ئەوە دەبێت کە هەر وەختێک دوو دانە برغو تێپەڕ بوو، دەبێ برغوی سێیەم کە برغوێکی چوار گۆشە یان شەش گۆشەیە توند بکات( دوو برغو رەت دەبێت ئەو هێچ کارێک ناکات ، تەنها برغوی سێیەم کە رەت دەبێت توندی بکات)، هەر رۆژێک 10 سەعات ئەوە کاری دەبێت. لە رۆژی یەکەم کە رەیلەکە لەبەر دەمی رەت دەبێت ئەو هەمان کار جێبەجی دەکات، لەو کاتە خێزانەکەی یان باوک یان یەکێک لە خزمەکانی ، یا یەکێک لە دۆستەکانی یا دەزگیرانەکەی دێتە کارگەکەوە بۆ دیتنی وی. ئینسانێکی ئاسایی کاتێک کە چاوی بە یەکێک لە خۆشەویستەکانی دەکەوێت هەر لە خۆیدا بە شێوەیەکی کاتی کارەکەی دەوەستێنێت، ئەو هەر لە خۆی بێئاگا دەبێ و لە هەمان شوێن لەگەڵ هەواڵپرسی و یەکدی ماچکردن دەکەن و خۆشحالە کە یەکێک لە خزمەکانی دوور یا نزیکی دیوە، بۆ نمونە کاتێک دەبینین کە دایکی لە دوو ساڵ جارێک هاتووە ئەو ببینێت، هەستی ئینسانی تەواو دەبزوێ و کارەکەی پشت گوێ دەخات و برغوەکان واز لێدێنێ دەڕوات بۆ لای وی، لە پڕێک دەبینێ زەنگی کارخانەکە لێدەدات و سەیارەی ئاگرکوژێنەوە دێت و لێپرسراوان دێن و تەواوی کارخانەکە لە کار کەوتووە و هەموو شتێک تێکچووە و هەزاران کرێکار هەموو لە حاڵەتێکی نائاساییدان کە چ روویداوە. لە پاشان تێگەیشتن ئەو کرێکارە کاتێک چاوی بە دایکی کەوتووە، هەستی ئینسانی جوڵاوە و چووە دایکی ببینێ و لەگەڵی بدوێ و برغوەکانی توند نەکردووە، ئەو برغوانەی کە توند نەکردووە، رەیلەکە چووە بۆ شوێنێکی دی، لەوێ ئیشکال دروست بووە، لە کۆنترۆلێکی دی رەت بووە، ئەو کۆنترۆلە کارەباکەی کوژاندۆتەوە،کارەباش کە کوژاوەتەوە، دەزگاکان پێیانگەیشتووە و زەنگی خەتەر لێیداوە، تێکڕای کارگەکە کەوتۆتە حاڵەتێکی نائاسایی و ئامادەباشی. لێپرسراوان هاتن و ئەویان سزا دا و چەند رۆژێکیش لە سەر کار دەرکرا و ئاگادریشیان کردەوە بۆ جاری داهاتوو.

ڕۆژی دووەم و سێیەم کەم کەم ئەو حاڵەتە لەو کەم بووەوە ، لە پاشان هەر ئەو کەسە نیشان دەدات کە چۆن بەهۆی ئالەتی کارەکەیەوە مەسخ بووە، واتە کاتێک کە دوو برغو ڕەت دەبوون، برغوی سێیەمی توند دەکرد، لە پاشان ئەگەر دوژمنیشی دەهات، هەر بەو شێوەیە بە ماتی تەماشای دەکرد، یا ئەگەر خوشکی دەهات، نەیدەناسی، دایکی، دەزگیرانی، دڵدارەکەی، دوژمەنەکەی، هاوسێکەی یا بێگانەیەک– هەر کەسیک– دەهات، ئەو لە قیافەی ئەوانە واقی وڕ دەما، بەڵام ئەوانی نەدەناسیەوە، تەنانەت ڕۆحی لە بەرامبەر ئەو روخسارانەی ئاشنا، خۆشەویست، خزم، دوژمن یا دۆست کەمترین بایەخی نیشان نەدەدا، بۆچی؟ چونکە ئەو نە ئەو ئینسانەیە کە هەست و هۆشی لە مێژوودا پەرەی سەندووە، بەڵکو بۆتە ئینسانێک کە لە ماشین بە دوای سپانەیەکە کە بە دەستییەوەیە. لە پاشان هەر ئەو کەسە نیشان دەدات کە بەسەر شەقامدا دەڕۆیشت، هەر کەسێک کە لەویٚ تێدەپەڕیٚ، خانمێک یا کەسێک کە جلوبەرگی یونیفۆرمی لەبەر بوو، دوگمەکانی هەشت گۆشە بوو، ئەو بەبیٚ ئەوەی حاڵەتی خۆی یا حاڵەتی ئەویٚ کە سەر جادەیە ڕەچاو بکات، یەکسەر هێرش دێنیٚ و دوگمەکانی یەکێک توند دەکاتەوە! چونکە بێجگە لەوە شتێکی دی نەبوو.

ئەو دەزگا ئاڵۆز و گەورانەی ئیداری، ئینسان لە خۆنامۆ دەکات. ئەمە شمەکە، ئەمە برغو، ئەمە دەزگای ماشینە کە ئینسان لە پلەو پایەی ئینسانی دادەبڕێت و جیای دەکاتەوە، دەیکات بە ئینسانێکی پاشکۆ و تەواوکەری مادده و شمەک، پاشکۆی ئامێرێک، بێڵ و کولینگ و ماشین. لە دەزگایەکی بەرفراوانی ئیداری لە دەزگا گەورەکانی فرۆکەخانە و بانکە گەورەکانی کە لە ئەوروپا هەیە( لە وڵاتە غەیرە ئەوروپاییەکان دەزگای بۆرۆکراسی ، هێشتا بەو قۆناغە نەگەیشتووە). دە هەزار شوعبەی هەیە، لە هەر شوعبەیەک کۆمەڵێک پەنجەرە هەیە، لە پشت هەر پەنجەرەیەک یەکێک دانیشتووە کە سی ساڵە لەویٚ تەنها یەک کار ئەنجام دەدات، ئەو کاغەزانە دەهێنیٚ و مەکینەیەکی لێدەدا و یەکێکی لێرە دادەنیٚ و ئەوەی دی لەو لاوە دادەنیٚ. لە ماوەی ئەو سی ساڵە دەبیٚ بەردەوام ئەم کارە دوبارە بکاتەوە. مارسل موس دەڵێت: نەخۆشی دەروونی لەوەوە پەیدا دەبیٚ کە لەسەر کار ئەو کەسە فلان کەس کوڕی فلان کەس نییە کە خاوەن ئەو خاسیەت و تایبەتمەندییانەیە، چونکە کاتێک کە ناوی ئەو دێت–ئەو ناوەی کە دایک وبابی بۆیان هەڵبژاردووە– یان نازناوەکەی دێت ئەو کەمتر لە خۆیدا هەست پێدەکات، تا ئەو وەختەی کە ژمارەی پەنجەرەکەی دێت واتە کاتێک دەڵێن(پەنجەرەی 239) ئەو خۆی بەبیر دێتەوە خۆی هەست پێدەکات، تەواوی شەخسیەتی تەنها وتەنها لە پەنجەرەی 239 گەلاڵە بووە. ئەمە ئینسانێکە کە بەهۆی فۆرم و شێوەی کارەکەی لە خۆی نامۆ بووە.

ئێلینە (alien)، ئەم وشە لە رووی زمانەوە واتە" حلول بوونی جن لە ئادەمیزاد". لە کۆندا جن لێهاتوو هەبووە بەو کەسەی کە شێت دەبوون دەگووترا جنی هاتۆتە ناو لەشی و تێیدا حلولی کردووە چۆتە جێگەی عەقڵی و عەقڵی لە ناو بردووە، ئەو ئینسانەی کە جن لە ڕۆحی هەیە، ئەو ئیدی خۆی هەست پێناکات، جنێک لە خۆی هەست پێدەکات. ئەمڕۆ کۆمەڵناسان و دەروونناسان هەمان وشە بۆ ئەم نەخۆشیە بەکار دێنن واتە بە هەمان شێوە کە لە پێشدا ئینسانێکی عاقل لە ئەنجامی پەیوەندی لەگەڵ جن یا پەیوەندی جن لەگەڵ ئەو جناوی دەبوو واتە جن لەودا حلولی دەکرد. ئینسانی ئەمڕۆ لە بەرامبەر پەیوەندی هەمیشەیی لەگەڵ ئامێرێکی تایبەت یان لەگەڵ شێوە کارێکی یەکجۆر و وشک و هەمیشەیی، و بێبەزەیی دەزگا گەورەکانی ئیداری –ئەو ئینسانە– دەگۆڕیٚ بۆ ئەندامێکی ئەو ئیدارەیە نەوەک ئەندامی خێزانێکی گەورەی مرۆڤایەتی– ئەوە کەمتر لە خۆی هەست پێدەکات– تەنانەت خەسڵەتە تایبەتییەکانی خۆیشی هەست پێناکات و بزر دەبیٚ، واتە هەروەک چۆن کە دەیانگووت جن لەو ئادەمیزادە ساغە حلولی کردووە و شێتی کردووە، بە هەمان شێوە لە ئینسانی ئەمڕۆ ئامێری کارەکەی لەو حلولی کردووە یان شێوەی کارەکەی لەو حلولی کردووە و شەخسیەتی ڕەسەن و ڕاستی ئینسانی کەم کەم لە ناودەچێت، و

شەخسیەتی ماشین و ئامێرەکانی یا شێوەی کارەکەی یا زنجیرەی پلەوپایەی ئیداری لەو حلول دەکات ، کاتێک کە خۆی هەست پێدەکات، زیاتر ئەو شتە لە خۆی هەست پێدەکات.

جۆرێکی دی لە جناوی بوون، چەسپینی دیاردەیەکی دیکەیە لە ئینسان، کە ئینسان لە خۆی بێگانە دەکات، یا کۆمەڵگەیەک لە خۆی بێگانە دەکات، کە ئەمەش مەسەلەیەکی زۆر ناسک و خەمناکە بریتییە لە حلولی عەقڵیەتێک، فەرهەنگێک، دیدێک، یا هیوایەکی تایبەت کە هی کۆمەڵگایەکی دیکەی تایبەتە و لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێمە تێک ناکاتەوە.

ئەو کۆمەڵگەیە مەیلێکی تایبەتی هەیە، خەڵکەکەی عەقڵیەتێکی تایبەتی هەیە، دیدی تایبەتی هەیە، ئامانج و هیواو ئازار و پێداویستی تایبەتی هەیە، کە تایبەت بە خۆیانە و لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵایەتی خۆیان گونجاوە، لە پاشان لە ئەنجامی پەیوەندی کردن لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی دی کە بارودۆخێکی دیکەی هەیە، دێن ئەو کۆمەڵە فکر و بۆچوون و عەقڵیەت و مەیل و سەلیقە و پێداویستی و ئێش و ئازاری ئەو کۆمەڵگایە بەسەر چەند کەسێک لەم کۆمەڵگایە کە تەواو جیاواز ژیان بەسەردەبەن دەیسەپێنن و لە مێشکی خەڵکی دەئاخنن، لە پاشان دەستەیەک لە کەسانی (مەسخ بوو) پەیدا دەبن. مەسخ بوو بە چ شێوەیەک؟ بەو شێوەی کە ئەو ئینسانێکە لە کۆمەڵگەیەکی وا دەژی، بە مێژوویەکی تایبەت، دینێکی تایبەت، خاسیەتێکی تایبەت، پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابوری تایبەت، بەڵام عەقڵیەتەکەی هی کۆمەڵگەکەی خۆی نییە، لە ئەنجامی پەیوەندی کردن و پڕوپاگەندەوە لە کۆمەڵگەیەکی دیکەوە وەریگرتووە، ئینسانێکی دژ بەیەک دروست دەبێت: ئینسانێک کە خۆی سەر بە کۆمەڵگەیەکەو فکرەکەشی هی کۆمەڵگەیەکی دیکەیە، بەم شێوەیە ئینسانێک یان کۆمەڵگەیەک بۆی هەیە بە هۆی کۆمەڵگەیەکی دیکەوە کە بە کۆمەڵگەی خۆی ناچێت و سەردەمەکەشی، سەردەمی کۆمەڵگەی ئەو نییە لە خۆی نامۆ بێت، واتە لە خۆی بێگانە بێت. لە پاشان ئەو گەنجە یان ئەو خوێندەوارە یان ئەو رۆشنبیرە– یا ئەو تاریک بیرە– سەر بە کۆمەڵگەیەک دەبێت کە خاوەن شەخسیەتێکی گونجاو بۆ ئەو کۆمەڵگەیە، بەڵام نە کۆمەڵگەی خۆی و نە تایبەتمەندییەکانی خۆی دەناسێ، نە دەشزانێ بە خۆی کێیە، لە پاشان لە خۆیدا "ئەو" هەست پێدەکات، هەر وەک ئەو کرێکارە یان ئەو فەرمانبەرە. لە خۆیدا ژمارەی پەنجەرەی ئیشەکەی دەدۆزێتەوە یان ئەو برغوە یان ئەو مۆرە هەست پێدەکات، ئەو ئینسانە بۆ نمونە سەر بە وڵاتێکی رۆژهەڵاتییە، لە خۆیدا ئەوروپایی هەست پێدەکات، لەگەڵ هەمان مەیل و سەلیقە و بۆچوون و عەقڵیەت و ئێش و ئازار و هەست و هیواکانی ئەورووپی، لە کاتێک ئەو هیوا و ئێش و ئازار و پێداویستیانە هی کۆمەڵگەیەکی دیکەیە، ئەو لە کۆمەڵگەیەک دەژی کە تەواو لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیە جیاوازە. ئەو مرۆڤە لە خۆی بێگانە بووە و نەخۆشە، چۆن؟ نەخۆشی دەروونی کەسێکە کە خۆی شتێک بێت، بەڵام شەخسیەتی خۆی هەست پێنەکات، لە جیاتی شەخسیەتی خۆی، شەخسیەتێکی دی هەست پێدەکات. شەخسیەت واتە عەقڵیەت و مەیل و سەلیقە و پەسندییەکانی ئادەمیزاد، من کە سەر بەو کۆمەڵگەیەم، ئەو شەخسیەتەی هەمە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیە گونجاوە، بەڵام چیدی شەخسیەتی خۆم هەست پێناکەم چونکە مەسخ بوومە، و عەقڵیەتی کۆمەڵگەیەکی دی لە من حلولی کردووە، بەم پێیە من ئادەمیزادێکی"حوشتر، گا، پڵنگ"م، واتە خۆم شتێکم، بەڵام کاتێک هەست بە خۆم دەکەم، شتێکی دی هەست پێدەکەم– چونکە خۆم و تایەبەتمەندییەکانم هەست پێناکەم– و ئێش و ئازارێکی دی کە ئەو هەیەتی– هەست پێدەکەم، لە کاتێک خۆم ئەو ئێش و ئازارەم نییە! ئەو جۆرە ئادەمیزادە نەخۆشە، ئەو ئینسانەی دەردی برسیەتی هەیە–برسییە– بەڵام هەست بە برسیەتی ناکات، بەڵکو گرفت و نەخۆشیەکانی ئینسانێکی تێر لە خۆی هەست پێدەکات. کاتێک کەسێک تێر دەبێت، جۆرێک لە نارەحەتی و خەمی تێر و پڕیەتی هەیە، و جۆرێک لە هیوا و ئاواتەکانی پاش تێر بوونی زگ بە مێشکی ئینسانەدا دێت. بەڵام ئینسانێکی برسی: هیوا و مەیل و سەلیقە و ئازارەکانی جیاوازە، بەڵام کاتێک ئەو ئینسانە برسییە بە هۆی ئینسانێکی تێر لە خۆی نامۆ دەبێ، هەرچەندە خۆی برسییە، بەڵام لە جیاتی

ئەوەی هەست و ئێش و ئازارەکانی ئینسانێکی برسی هەبێ و هەست پێبکات- چونکە بە هۆی ئینسانێکی تێرەوە لە خۆ نامۆ بووە و شەخسیەتی وی لەو حلولی کردووە- هیوا و ئێش و ئازارەکانی ئینسانێکی تێر لە خۆی هەست پێدەکات. بۆ نمونە ئینسانێکی برسی هەردەم لە بیری نانە، لە بیری ژیانە، لە بیری خەمە عەینی و مادییەکانیەتی، لە بیری کەمبوونەوەی خۆراکی زارۆکانیەتی، لە بیری کەمی کالۆری و ڤیتامینە- لە بیری ئەو شتانەیە- هیوا و ئاواتەکانیشی هەر لەو شتانە کۆبۆتەوە. ئینسانێکی کە تێر و پڕە خەمی ماددی نییە، لە هەموو ڕوویەکەوە ئەمەی بۆ دابین بووە، خەمی تایبەت و هیوای تایبەتی هەیە: بۆ نمونە" دڵی دەیەوێ کە ڕۆژێک تابلۆی (مۆنالیزا) لە شوێنێک هەراج بکرێت و ئەو نیوەی سەروەتەکەی پێبدات، بە هەر نرخێک بێت ئەو تابلۆیە بکڕێت( هیوای تێر ئەوەیە!). لەپاشان دەبینین کە ئەو ئینسانە برسییە، کەمبوونی خۆراک لە قیافەی خۆی و ژن و منداڵەکانی و خێزانەکەی دیارە، لە ماڵ و خانووبەرەکەی دیارە، بەڵام هیواکانی ڕووکەشە، ئەو خەمانەی هەیەتی، خەمی دەوڵەمەندێک یان سەرمایەدارێکە، کە هەموو شتێک لە ژیانی وی لەلایەنی ماددییەوە دابین کراوە. ئەو ئینسانە نەخۆشە، چونکە خۆی شتێکی دیکەیە، بەڵام ئەوەی کە بە ناوی خۆی هەست پێدەکات ، یەکێکی دیکەیە.

بەمجۆرە کۆمەڵگە غەیرە ئەوروپاییەکان بەهۆی کۆمەڵگە ئەوروپاییەکان لە خۆ نامۆ بوون،واتە ئەو خوێندەوارە یان ئەو ڕۆشنبیرەی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی وەک ڕۆژهەڵاتی هەست بە خۆی ناکات، وەک ڕۆژهەڵاتی ناناڵێنێ، وەک ڕۆژهەڵاتی هیوا و ئاواتی نییە، وەک کۆمەڵگەیەکی گونجاو لەگەڵ ئازارەکانی کۆمەڵگەی خۆی ئازار ناکێشێ، بەڵکو ئێش و ئازاری و هەست و پێویستییەکانی ئەوروپاییەکی هەیە کە لەوپەری پێشکەوتنی سەرمایەداری و تێر بوونی ماددی ژیان بەسەر دەبات، هەست پێدەکات.

گەورەترین پەژارە و لادانی دەروونی کە لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی هەیە، لادانی دروونی شەخسیەتە غەیرە ئەوروپاییەکانە، کە واقعیەتیان شتێکی دیکەیە، بەڵام خەڵکەکانی شتێکی دی هەست پێدەکەن، کەسێکی دیکە هەست پێدەکەن، بەڵام لە کۆندا ، لە 200 ساڵ پێش ئێستا ئەوانە وڵاتانی غەیرە ئەوروپایی بوون، کاتێک دەچووینە ناو ئەو کۆمەڵگایانە، ئەگەرچی دەکرا شارستانیەتی ئەمڕۆی ئەوروپاییان نەبوایە، هەریەکەیان خۆیان بوون: هەست و هیوا و شێوەی کار و مەعنەویەت و سەیران و خۆشی و سەلیقە و عیبادەت و هەموو کارەکانیان باش و خراپ و هونەر و جوانی و عەقڵیەتی دینی و فەلسەفەیان و ... تێکڕای ئەوانە هی خۆیان بووە. واتە کاتێک من بۆ نمونە کە دەڕۆیشتم بۆ هیند یان وڵاتێکی ئەفریقایی، دەمزانی کە ئەوە وڵاتێکی ئەفریقیە یان ئەو وڵاتە هیندە، سەلیقەی تایبەتی خۆی هەی، تالاری تایبەتی خۆی هەیە، نیگارکێشانی وەک هیندییەک دەکێشێ، شاعیرێک کە شیعر دەڵێ، ئێش و ئازاری هیندی هەیە و عەقڵیەتی کۆمەڵگەی خۆی هەیە، خەم و نەخۆشی و هیوا و ئاینی خۆیان هەیە، هەموو شتێک هی خۆیانە، هەرچەندە کە لە ڕووی ئاستی شارستانی و پەرەسەندنی ماددییەوە لە ئاستێکی نزمدا بوون، بەڵام هەموو شتێک موڵکی خۆیان بووە، نەخۆش نەبوون، گەرچی هەژار بوون، بەڵام نەخۆشی لەگەڵ هەژاری جودایە.

ئەمڕۆ کۆمەڵگای ئەوروپایی، بەو ڕادەیەی کە توانیویەتی چەند ڕواڵەتێک لە شارستانیەتی خۆی بخاتە ناو کۆمەڵگاغەیرە ئەوروپاییەکان بە هەمان ڕادەش توانیویەتی کاڵا و ئامێر و بەرهەمی نوێ و مۆدێرنی خۆی لەو کۆمەڵگایانەدا بخاتە گەڕ و بەکار بێنێ، هەروەها بە هەمان ڕادەش توانیویەتی جۆرێک لە شێوە بیر کردنەوەی فەلسەفی و عەقیدە و سەلیقە و ڕەفتاری تایبەتی خۆی بخاتە ناو ئەو کۆمەڵگایانەوە، ئەو کۆمەڵگایانە کە بۆ ئەم جۆرە ڕەفتار و شێوە بیرکردنەوە و مەیل و سەلیقانە گونجاو نییە. وەک (عەلیون دیوپ) کە موفەکیرێکی گەورەی ڕەش پێستەکانە دەڵێت: بەم شێوەیە، کۆمەڵێک کۆمەڵگا پەیدا بوون لە دەوری شارستانیەتی ئەوروپا – وەک کۆمەڵگاکانی ئێمە- کۆمەڵگا مۆزائیکەکان! کۆمەڵگای مۆزائیک چییە؟ وەک مۆزائیکێکە کە سەدان بەردی ڕەنگا ورەنگی هەیە بەرەنگ و

شێوەی جیاواز، کە هەموو لە قاڵبێکدا داڕێژراوە، بەڵام چ شێوەیەکی لێهاتۆتە دی؟ هیچ شێوەیەک. ئەو پارچە مۆزائیکە ڕەنگی جۆراوجۆری هەیە، پارچەی بچوک و شێوەی جیاوازی هەیە، بەڵام هیچ شێوەیەکی لێنەهاتۆتە بەرهەم، بۆچی؟ ئەو شارستانیەتانەش شارستانیەتی مۆزائیکن، واتە ئەو شارستانیەتانەی کە تیایدا هەندێک بنیادی شارستانی لە کۆندا تێدا ماوە، هەندێکیش لە بنیادی شارستانی بێ شێوە و روخسار لە ئەوروپاوە بۆی هاتووە، لە پاشان لە قاڵبێکی مۆزائیکی بە ناوی"کۆمەڵگای نیوە مۆدێرن" بووی لێپەیدا بووە"مۆزائیک" بەو مەبەستەیە کە بۆ بنیاتنانی شارستانیەت لە کۆمەڵگەی خۆمان، ئەوەی کە لە شارستانیەتی ئەوروپا بە کار هاتووە، ئێمە خۆمان هەڵمان نەبژاردووە، چونکە ئێمە نەماندەزانی شارستانیەت چییە و چ شێوەیەکی هەیە؟ شێوەی ئەویش هەر ئەوان دایان پێمان، هەر بۆیە بەبێ ئەوەی ئێمە بزانین کە لەم کۆمەڵگەیە دەبێ چ دروست بکەین بە بێ ئەوەی لە پێشدا نەخشەمان بۆ کێشا بێت کە کۆمەڵگەی خۆمان بە شێوەی بیر کردنەوەی خۆمان بە چ شێوەیەک پێویستە بێتە کایەوە، تاوەکو لە بنەڕەتی ئەو نەخشەی کە لە پێشدا لەبەر دەستمانە، ئەو کەلوپەل و کەرەستەی کە خۆمان هەمانە یان لە خەڵکی دی وەرگرین لە دروست کردنی ئەو تەلارە بە کاری بێنین- بەبێ ئەم پرۆژەیە- کەلوپەل و کەرەستەی جۆراوجۆرامان بەسەریەکدا هەڵڕشتوە، کەلوپەلێک کە خۆماڵییە و ئەوروپایشە لە رابردوو دایە و لە ئێستاش، بەڵام بەمجۆرە بەسەریەکدا هەڵڕژاوە، بێ شێوە و قەوارە، بە جۆرێک کۆمەڵگەیەکی بە شێوە بیرکردنەوەی پرژو بڵاو و بێ شیوە و ئامانج هاتۆتە دی. ئەو کۆمەڵگایانە کۆمەڵگای غەیرە ئەوروپییەکانن کە توانیان لە ماوەی سەدەیەک یان سەدە و نیوێک کەلوپەل و کەرەستە بە ناوی شارستانیەت لە ئەوروپا وەرگرن.

ئەم شارستانیەتە مۆزائیکە لە وڵاتانی غەیرە ئەوروپایی یان هەر وەک من ناوم ناوە کۆمەڵگای "حوشتر و گا و پڵنگ" کە شێوەیەکی تایبەت و ئامانجی تایبەتی نییە و دیار نییە کە ئەوە چ جۆرە کۆمەڵگەیەک بێت، خەڵک و موفەکیرەکانی ناتوانن تێبگەن لە بۆچی دەژین و ئامانج و پاشەرۆژ و عەقیدەیان چییە، بۆچی هاتۆتە دی؟ دوو هۆی هەیە:

لە سەدەکانی حەڤدەهەم و هەژدەهەم و نۆزدەهەم، بە تایبەت لە سەدەی هەژدەهەم، لە ئەوروپا ماشین بە دەرکەوت و پەرەی سەند (ماشین لەبەردەستی پارەدار و سەرمایەداری ئەوروپایی بوو) خاسیەتی ماشین ئەوەیە هەر وەختێک کار دەکات دەبێ هەر ساڵێک رادەی بەرهەم هێنانی لە زیاد بووندا بێت، ئەمەش جەبری ماشینە. ئەگەر ماشین لە ماوەی دە یان پازدە ساڵ رادەی بەرهەم هێنانی ئەو کەلوپەلانەی بەرهەمی دێنێ – هەر جۆرە کەلوپەلێک بێت- لە زیاد بووندا نەبێت، ئەو ماشینە دەمرێت، لە ناو دەچێت و ناتوانێت درێژە بە کارەکەی بدات، هەروەها ناتوانێت لەگەڵ ماشینەکانی دی پێشبڕکێ بکات. ئەگەر رادەی بەرهەمهێنای زیاد نەکات خەڵکانی دی بە ماشینی دی کە ئەو کەلوپەلانە بەرهەم دێنێ، دەتوانن بە بەرهەمی زیاتر کەلوپەلی هەرزانتر بخەنە بەردەستی خەڵک و خەڵکیش ئەو کەلوپەلانە دەکڕن کە هەرزانترە، کەلوپەلەکانی دی دەمێنێتەوە، ناچار بۆ ئەوەی بتوانێت دەستحەقی کرێکار هەموو رۆژێک زیاد بکات، و لە هەمان کاتدا بۆ ئەوەی هەرزانتر لە رەقیبەکەی کەلوپەل بخاتە بازاڕەوە، ناچار دەبێ بەرهەمی کەلوپەلەکانی زیاد بکات.

بەڵام، بەو جۆرە کە زانست و تەکنیک دێتە ناو ماشینەوە، یارمەتی ماشین دەادت و دەبێتە هۆی ئەوەی کە ماشین بەردەوام بەرهەمی کەلوپەلەکانی بەرەو زیاد بوون ببات. هەر ئەم هۆکارەشە کە روخساری ئەمڕۆی مرۆڤایەتی گۆڕیوە. وا نەزانی کە ئەمە یەکێک لە مەسەلەکانە کە ئەمڕۆ لە دنیادا هەیە، نەخێر بێجگە لەوە مەسەلەیەکی دی لەم دوو سەدەیە لە ئارادا نەبووە، هەموو مەسەلەکانیش هەر بۆ ئەمە بووە، تێکڕای ئەو مەسەلانە کە ئەمڕۆ ئەوروپا لە دنیا دەیخاتە روو، هەر بۆ ئەم مەبەستەیە.

ئەو ماشینە پێویستە هەموو ساڵێک بەرهەمی کەلوپەلەکانی بە شێوەیەکی شاقوڵی بەرەو سەرەوە ببات، بەم پێیە هەرچی کەلوپەل و کاڵا هەیە زۆر دەبێت، بە شێوەیەکی شاقوڵی- بۆ ئەوەی درێژە بە کارەکەی

بدات– به كارهێنان و مەسرەفی ئەو كەلوپەلانە دێتە گۆڕێ. بەڵام خەڵک بەكار هێنانەكانیان شان بە شانی بەرهەمی ماشین زۆر نابێت.
كۆمەڵگەیەک دەبینین بۆ نمونە كە لە دەساڵی دوایی بە كاربردنی كاغەزی لە سەدا 30 زیادی كردووە، ماشینەكانی دروستكردنی كاغەز هەیە كە لە ماوەی ئەو دە ساڵە 300 یان 400 لە سەدا بەرهەمی كاغەزیان زیادی كردووە، واتە بەرهەمی چوار بەرامبەر بووە، واتە ئەگەر لە دە ساڵ لە مەوپێش، ماشینێک بۆ نمونە لە سەعاتێک"پێنج كیلۆ مەتر كاغەزی بەرهەم دەهێنا، پاش دە ساڵ دەبینین كە پەنجا كیلۆمەتر كاغەز بەرهەم دێنێ، كەچی لە كاتێک بەكاربردنی كاغەز لەو دە ساڵە ئەوەندە زیادی نەكردووە و ناتوانێت تا ئەو رادەیە زیاد بكات، كەواتە ئەو بەرهەمە زیادەیە و ئەو كاغەزە زیادەیە دەبێ چی لێبكرێ؟ بۆ ئەم مەبەستە دەبێ مەسرەفی نوێی ئەو كەلوپەلانە بەرهەم بهێنرێ، مەسرەفی نوێ!
هەر كۆمەڵگە و وڵاتێكی ئەوروپایی بەكارهێان و مەسرەفی تایبەتی خۆی هەیە. وڵاتێک 40 ملیۆن یان 50 ملیۆن دانیشتوانی زیاتر نییە، ناكرێ شان بە شانی ئەو بەرهەمە زۆرو زوەندەی كە هەموو ساڵێک بە شێوەیەكی شاقوڵی بەرەو سەرەوە دەڕوات، خەڵكیش ناچار بكەین كە بە كارهێنانەكانیان بەرەو سەرەوە ببەن، ئەمە هەرگیز ناكرێ. بەم پێیە ماشین بەمجۆرە كە بە شێوەیەكی جەبری بەرهەمی زیاد دەكات، بە شێوەیەكی جەبریش دەبێ لە سنوورەكانی خۆی بچێتە دەرەوە، لە دەرەوەی كۆمەڵگای خۆی بازاڕ بدۆزێتەوە. كاتێک كە سەدەی هەژدەهەم هات و كاتێک كە ماشین لەگەڵ تەكنیكی نوێ و زانستی نوێ كەوتە ژێر دەستی سەرمایە، چارەنووسی داهاتووی ئینسان بە دەركەوت. چی؟ لە پێناو جەبری ئابوری و كۆمەڵایەتی و لە پێناو تەكنیک و زانستی نوێ ، ماشینە نوێیەكان بەردەوام بەرهەم هێنانیان زیاد دەكەن و بە خێرایی و لە ماوەی پێنج ساڵ، بازاڕەكانی ئەوروپا پڕ دەبێت، كەواتە ئینسانەكانی سەر رووی زەوی دەبێ بە شێوەیەكی جەبری ببن بە بەكارهێنەری كەلوپەلە بەرهەمهێنراوەكانی ماشین و بە ناچاری دەبێ ئەو كەلوپەلانە بۆ ئاسیا و ئەفەریقا بڕوات، بە ناچاری دەبێ ئەفەریقایی تێكڕای ئەو كەلوپەلانەی ئەوروپایی بە كاربهێنێت، چونكە ماشین ئەوەی گەرەكە ، ئەگەر نا دەبێ ماشین "بشكێنرێت" بە ناچاری دەبێ هەموو خەڵكانی رۆژهەڵات ئەو كەلوپەل و كاڵایانە مەسرەف بكەن.
ئایا دەكرێ وا بە سادەیی ئەو كەلوپەلانە بۆ رۆژهەڵات ببردرێت لە كاتێک شێوازی ژیانی ئەوان پێویستی بە بەكارهێنانی ئەو جۆرە كەلوپەلانە نییە یان ئەو كەلوپەلانە بەسەریاندا بسەپێنرێ كە حەتمەن دەبی ئەوانە بە كار بێنن؟ هیچ رێگا چارەیەكی دی نییە.
دەچینە نێو كۆمەڵگەیەكی ئاسیای: دەبینین جلوبەرگی ئاسیای ژنەكە خۆی دەیدورێت و یان لە كارگەی خۆماڵی دەدورێت( جلوبەرگی خۆماڵییان هەیە و جلوبەرگی خۆیان لەبەر دەكەن). ئەو كارگانەی دروست كردنی جلوبەرگ و كوتاڵ كە ئەو قوماشە ئەوروپیی و نوێیانە ئامادە دەكات، لەوێ فرۆشی نییە، هەر بەم شێوەیە كە دەچینە نێو كۆمەڵگەیەكی ئەفریقایی: دەبینین هەموو هیوا و حەز و سەرگەرمیان ئەسپسواری و جوانی ئەسپە، تام وەرگرتنە لە جوانییەكانی ئەسپی باش، تاكە وەسیلەیەكی هاتووچۆشیان هەر ئەسپە، سەرگەرمی و سەلیقە و هونەریان هەر ئەسپە، تەنانەت جادە و سایەقیان نییە، هەتا مەفهومی سەیارە لە مێشكیاندا نییە، پێویستیان بە سەیارە نییە، بە جۆرێک ژیان بە سەر دەبەن كە بەرهەم هێنان و بەكارهێنانیان لەگەڵ یەک هاوئاهەنگی هەیە كە لەگەڵ دابونەریت و سەلیقە و مەیل و پێویستییەكانیان دەگونجێت، هەر بۆیە پێویستیان بە بەكارهێنانی ئۆتۆمۆبیلی ئەوروپایی نییە.
كارگەكانی نوێی رازاندنەوە لە ئەوروپا بە خێرایی كەرەستەی رازاندنەوە بەرهەم دێنن، كەرەستەی هەمەجۆر، زۆر و زەوەند لە رووی چۆنێتی و چەندییەوە. دەبێ ئەو كەرەستە و ئامرازانەی رازاندنەوە بۆ ئاسیا و ئەفەریقا بنێردرێن. پیاوان و ژنان دەبێ ئەو كەرەستە و كەلوپەلانەی رازاندنەوە بەكاربێنن، بەڵام ئەو پیاو و ژنانەی كە ئێمە لە سەدەی هەژدەوە تا نۆزدە لە ئاسیا و ئەفەریقا دەیانبینین، ناكرێ ئەو كەلوپەلانە هەتا ئەگەر بە خۆرایی پێیان بدەین بەكاربێنن، چونكە ئەوانە كەرەستەی خۆرازاندنەوەی

تایبەتی خۆیان هەیە، جوانی خۆماڵی تایبەتی خۆیان هەیە، ژنێکی ئەفریقایی یان ئاسیایی بۆ ئەوەی خۆی جوان نیشان بدات و بۆ ئەوەی جلوبەرگی جوان لەبەر بکات و خۆی بە جوانی برازێنێتەوە، هیچ پێویستی بە (مارگارت ئاستور) نییە، چونکە خۆی کەرەستە و ئامرازی خۆرازاندنەوەی هەیە. کەرەستەی خۆجوان کردن و رازاندنەوەی هەیە، هەمان ئە شتانە تاوەکو ئەمڕۆش بە کار دێنێ، هەموو خەڵکیش ئەویان پەسند بوو، بۆ هەمووانیش جوان بووە و پێویستی نوێی نەبووە بۆ گۆڕینی شێوە و روخساری.

بەم پێیە، ئەو کەلوپەلانە لە گۆڕێ دەمێنێتەوەو ئەو خەڵکانە بەو جۆرە بیر کردنەوەیە، بەم پێویستیانە و ئەو سەلیقەیە ژیان بەسەر دەبەن و هەموو پێویستییەکانیان لە کۆمەڵگەی خۆیان بەرهەم دێنن: شێوازی ژیانیان و فکریان بەو جۆەر نییە کە بتوانن بە کارهێنەری کەلوپەلی سەرمایەداری و پیشەسازی سەدەکانی هەژدە و نۆزدەی ئەوروپایی بن. کەواتە دەبێ چی بکەین؟ دەبێ ئەو ئینسانانە لە ئاسیا و ئەفەریقا بیانکەین بە بەکارهێنەری کەلوپەلی ئەوروپایی، و کۆمەڵگاکانیان بە جۆرێک رێک بخەین کە کەلوپەلەکانی ئێمە بکرن، ژنان و پیاوان ئەو جوانیانە پەسند بکەن کە بە ناچاری روو لە کەرەستەی خۆرازاندنەوەی ئێمە بکەن، گۆڕینی میللەتێک: پێویستە میللەتێک بگۆڕین، بۆ ئەوەی ئینسانێک بگۆڕین، جلوبەرگەکەی بگۆڕین، شێوەی شارەکەی بگۆڕین، خۆرازندنەوەی بگۆڕین، جوانی مۆبل و قەنەفەی ناو ماڵەکەی بگۆڕین، شێوەی شارەکەی بگۆڕین، ئەوا پێویستە فکر و رۆحی بگۆڕین.

کێ دەتوانی رۆحی میللەتێک و فکری کۆمەڵگەکەی بگۆڕێت؟ لێرەدا نە سەرمایەداری ئەوروپایی و نە ئەندازیاری ئەوروپایی دەتوانن بیگۆڕن و نە ئەو کەسەی ئەو کەلوپەلانە بەرهەم دەهێنێت، لێرەدا موفەکیرە ئەوروپاییەکانن دەتوانن بیگۆڕ

( لەو کاتەدا بوو کە چارەنووسی هەموو وڵاتانی ئەفەریقی و ئاسیایی و وڵاتانی غەیرە ئەوروپایی گۆڕا، هەر ئەوە بوو) دەبێ دابنیشن و شێوە بیرکردنەوە و بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ دابڕێژین کە یەکەم: ئەو ئینسانەی غەیرە ئەوروپاییە سەلیقە و فکری بگۆڕین، دووەم: شێوازی ژیانی بگۆڕین، ئەویش نەوەک خۆی بیەوێ و بگۆڕێ، چونکە بۆی هەیە بە جۆرێک بگۆڕێ و نە بێتە بەکارهێنەری کەلوپەلەکانی من، بەڵکو بە جۆرێک سەلیقەی بگۆڕێت، بە جۆرێک پەسند کردنەکانی بگۆڕێت، بە جۆرێک خەم و دەرد و هیوا و ئایدیال و جوانی و دابو نەریتی و گەڕان و سەیران و پەیوەندییە کۆمەڵاییەتییەکان و وەختی بەتاڵ و...بگۆڕدرێت، تا لە پاشان یەکسەر ببێ بە کڕیاری کەلوپەلەکانی من و بە شێوەیەکی جەبری ببێت بە بەکارهێنەری کەلوپەلی پیشەسازی ئەوروپایی. بەرهەمهێنەرەکانی کەلوپەل و سەرمایەدارە گەورەکانی ئەوروپا لە سەدەی 18 و 19 بەرنامە بە موفەکیرەکان دەدەن، بەرنامە ئەوەیەکە هەموو ئینسانەکانی رووی زەوی دەبێ بە یەکجۆر بن، دەبێ بە یەک شێوە بژین، دەبێ بە یەک فۆرم بیر بکەنەوە، بەڵام نابێ هەموو میللەتەکان بە یەک فۆرم بیر بکەنەوە! فۆرمی بیر کردنەوە چ شتێک لە میللەت بەرهەم دێنێ و پەیدا دەبێ؟ ئاینەکەی، کولتورەکەی، مێژووەکەی، شارستانیەتە رابردووەکەی، پەروەردە و دابونەریتەکەی، ئەوانە کۆمەڵە فاکتەرێکی دروستکەری شەخسیەت و چۆنیەتی رۆحی و فکری و ژیانیی ئینسانێکە، ئەوانە لە هەر کۆمەڵگە و ناوچەیەک بە شێوەیەکە، لە ئەوروپا شێوەیەکە لە ئاسیا لە هەر گۆ شەیەکی بە جۆرێکە: لە شوێنێک ئیسلامە، لە شوێنێکی دی دینی بودایە، لە شوێنێکی دی ئاینێکی دیکەیە.

ئەوانە هەر کامیان جۆرێک لە کۆمەڵگەیان دروست کردووە، جۆرێک میللەتیان هەیە و جۆرێک مەیل و سەلیقە و خەم و هیوا و هەستیان هەیە، جۆرێک رابروو، جۆریک ئایین، جۆرێک لە پەیوەندییەکانیان هەیە، بەڵام بە هەر حاڵ پێویستە هەموو وەک یەکیان لێ بێت، بۆ ئەوەی وایان لێبێت، دەبێ ئەو شێوە هەمە جۆرانەی کە ئێمە لە هەر میللەتێک و هەر کۆمەڵگەیەک و هەر هەرێمێک دەیبینین، ئەوانە گشتی لە ناوبچن و هەموو یەک رێبەریان هەبێت رێنوێنیان بکات، (رێبەر) چییە؟ رێبەر ئەوروپا دایدەنێت، دەبێ بەم شێوەیە بیر بکەنەوە!

ئینسانێک وەک شارەزا و پسپۆر نیشانیان دەدرێت، ئەو پسپۆرانە دەبێ ئاسیایی و ئەفەریقی و رۆژهەڵاتی بەمجۆرە دروست بکەن: جلوبەرگ وا لەبەر بکەن، بەمجۆرە بیر بکەنەوە، خەمەکانیان ئاوها بێت، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بەم شێوەیە بێت، بەم شێوەیە خانووبەرە دروست بکەن، بەم شێوەیە کەلوپەل بەکار بێنن، بەم شێوەیە هیوا وئارەزویان هەبێت، بەم شێوەیە نەخشە دابنێنن، بەم شێوەیە عەقیدەیان ببێت، بەم شێوەیە پەسندی بکەن!

لە پاشان دوای ماوەیەک، یەکجێ دەبینین فەرهەنگێکی تازە بە ناوی (نوێکاری) و مۆدێرنییەوە بۆ هەموو دنیا خراوەتە روو. نوێکاری باشترین گورزێک بوو کە دەیتوانی لە هەر گۆشەیەکی دنیا و لە هەموو کۆمەڵگاکانی غەیرە ئەوروپایی، ئینسانی غەیرە ئەوروپایی لە هەر شێوە و قاڵبێکی فکری کە هەیە، بۆ ئەوەی لەو قاڵب و شەخسیەتەی خۆی دەربهێنرێت و تەنهاکاری ئێمەی –ئەوروپاییەکان– ئەوەیە کە وەسوەسەی نوێکاری و مۆدێرن بوون لە نێو ئەو کۆمەڵگایانە – بە هەر شێوەیەک کە هەیە، لە هەر شوێنێک و لەگەڵ هەر ئاینێک کە هەیە– پەیدا بکەین. ئەگەر بە شێوەیەک بتوانین لە رۆژهەڵاتی، وەسوەسە و عەشقی نوێگەری پەیدا بکەین، ئەوا ئەو هەتا لەگەڵ ئێمە هاوکاریش دەکات، لە هەموو ئەو رابردووەی کە پێیگەیشتووە و هەر هۆکارێکی کە شەخسیەتی وی نا ئەوروپییانە پەروەردە کراوە، هەر فاکتەرێکی کە فەرهەنگێکی تایبەت و ئاینێکی تایبەت و  شەخسیەتێکی تایبەتی بۆ ئەو دروست کردووە، بە دەستی خۆی هەتا بە هاوکاری لەگەڵ ئێمە بنکۆڵی دەکا و لەناویدەبات.

بەم پێیە رووی هاوبەشی هەموو وڵاتان، رۆژهەڵاتی دوور، رۆژهەڵاتی ناوەراست، رۆژهەلاتی نزیک، وڵاتانی ئیسلامی و وڵاتانی رەش پێست ئەوەیە کە وەسوەسە و ئارەزووی نوێگەری لە ناودا دروست بکەین. نوێ بوونەوە و بە مۆدێرن بوون بریتییە لە "بە ئەوروپایی چوون" نوێگەر واتە " نوێگەر لە مەسرەف و بەکارهێنان" ( هەر لە سەرەتاوە کە ئەمەیان خستۆتە گەڕ، بە هەمان مەعنا بووە). کەسێکی کە نوێگەر دەبێت، واتە لە مەسرەف کردنەکانی نوێ دەبێتەوە، واتە کەلوپەلی نوێ بەکاردێنێ، شێوەکانی ژیانی نوێ پەیڕەو دەکات، واتە ئەو شێوە نوێیانەی ژیان و ئەو کەلوپەلە نوێیانەی کە بەکاری دێنێ، وەک کەلوپەل و شێوەی ژیان و دابونەریتی رابردوو و رەسەنی و نیشتمانی یان کۆمەڵایەتی خۆی نییە، هەمان ئەو شێوانەیە کە لە ئەوروپاوە بۆی هاتووە.

بەم پێیە ئێمە دەبێ لە رێگەی مەسرەفەوە ئەو نوێ بکەینەوە، بەڵام ناکری بە ئەو بڵێین کە ئێمە نامانەوێ لە مێشک و هەست و شەخسیەتت نوێ کردنەوە و داهێنان بهێنینە کایەوە، بەڵکو دەمانەوێ خۆراکت بگۆڕین و لە جیاتی ئەو خۆراکە کۆنانەی کە دەیخۆی، خۆراکێک کە ئێمە دروستی دەکەین، لە سەر سفرەتی دابنێین. ئەگەر ئاوهای پێبگووترێت، هەڵبەتە بەرهەڵستی دەکات. بەم پێیە دەبێ بە هەمان مەعنا و لە هەمان حاڵەت بە هەمان رادە کە ئێمە هەوڵدەدەین کۆمەڵگاکانی کە لە شێوە و جۆری جیاوازدان و کەلوپەلی ئێمە بەکار ناهێنن، نوێیان بکەینەوە، واتە بەکارهێنانی نوێ و کەلوپەلی تازەیان دەرخوارد بدەین، دەبێ تێیان بگەیەنین کە "نوێکاری" واتە "شارستانیەت"، چونکە هەر ئینسانێک لە حەزی شارستانیەتێک دایە، بەم پێیە ئێمەش (نوێکاری) وەک( شارستانیەت) بۆیان مەعنا لێکدەدەینەوە، بۆ ئەوەی خۆیشی لەم نوێکارییە لەگەڵ ئێمە هاوکاری بکات.

وەک دەبینین کە رۆشنبیرانی ئێمە لە رۆشنبیران و کاربەدەستانی سەدەکانی هەژدەهەم و نۆزدەهەمی بۆرجوازی و سەرمایەداری و پیشەسازی ئەوروپی زیاتر هەوڵیانداوە کۆمەڵگاکانی ئێمە لە رووی بەکارهێنانی کەلوپەل و شێوازی ژیان  نوێ بکەنەوە.

ئینسانێک کە لە مەسرەفدا نوێ بۆتەوە، واتە نوێگەرە، واتە مەسرەفی نوێی هەیە، وەک دیارە ئەم بەکارهێنانە نوێیانە خۆی دروستی ناکات–چونکە خۆی نوێ نییە، کۆمەڵگاکەی نوێ نەبۆتەوە، خودی ئەو پیاوە یان ئەو ژنە نوێ بۆتەوە– ئیدی ئەو کەسە ناتوانێت لەسەر شێوازی ژیانی پێشوو بڕوات و کەلوپەلی کۆن و  جلوبەرگی خۆماڵی لە بەرکات(نوێگەرە!).

بەم پێیە هێدی هێدی بەو ماشینە دەبەسترێتەوە کە کەلوپەلی بۆ بەرهەمدێنێ و چاوەڕێی دەکات کە ئەو نوێ بێتەوە تا کەلوپەلی دروستکراوی ماشین بکڕێت.
لە زانکۆیەک کە لە ئەوروپا دەرسم دەخوێند، لە پڕێک بینیم تابلۆیەکیان هەڵواسیوە و تیایدا نووسراوە " ئێمە پێویستمان بەو قوتابیانە هەیە کە کۆمەڵناسی و دەروونناسیان تەواو کردووە، بێن بۆ ئێمە کار بکەن بە موچەیەکی باش" ئەو ئاگادارییە کارگەیەکی دروست کردنی سەیارە بڵاویان کرد بووەوە، من خۆشم بە دوای کاردا دەگەڕام و لە هەمان کاتدا زۆر حەزم دەکرد بزانم کە ئەو کارگەی سەیارە دروست دەکات و دەفرۆشێت، دەیەوێ لەگەڵ کۆمەڵناس و دەروونناس چی بکات؟ مەگەر دەیەوێ بە یەکێک دەرس بداتەوە؟ تازە ئەگەر بیەوێ بە یەکێک دەرس بداتەوە، پێویستە دەرسی تەکنیک و چاککردنەوەی سەیارە بداتەوە، نەوەک کۆمەڵناسی و دەروونناسی! من چووم سەردانیم کرد. گووتیان لەگەڵ " ئیدارەی پەیوەندییە گشتییەکان پەیوەندی بکە" لەگەڵ ئەوان پەیوەندیم کرد و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کردم و گووتی " حەتمەن پرسیار دەکەی تۆ کە کۆمەڵناسیت خوێندووە بۆچی تۆ بۆ ئێرە بانگێشتن کراوی، چونکە وەک باوە دەبێ قوتابیانی تەکنیکی بۆ ئێرە بانگێشتن بکرێن نەک تۆ" گووتم: بەڵێ. گووتی: من دەمەوێ ئەو پرسیارەتان بۆ روون بکەمەوە. خەریتەیەکی هەموو ئاسیا و ئەفەریقیای هێنا و لەسەر خەریتەکە دەست نیشانی کرد، کە : لەو شارانە "ا" و"ب" و"ج" و "د' ئەو سەیارانەی ئێمە بەکارهێنان و فرۆشی نییە و نازانین بۆچی؟ ناکرێ لە ئەندازیارەکەی پرسیار بکەین، ئێمە مانانیش کە تێیناگەین و لەو حاڵەتە دەبێ کۆمەڵناسێک تێبگات کە ئەو خەڵکە چ سەلیقەیەکیان هەیە یان بۆچی ئەو جۆرە سەیارانەی ئێمە ناکڕن، بۆ ئەوەی ئەگەر بتوانین رەنگ و وەزعی سەیارەکەمان بگۆڕین یان ئەگەر ئەوەمان نەتوانی ئەوا رەنگ و سەلیقەی ئەوان بگۆڕین تا ئەو سەیارەیە بکڕن! لەپاشان نمونەیەکی هێنایەوە، ئەمەیان زۆر سەرنج راکێش بوو و یەکێک بوو لە سەرکەوتنە گەورەکانیان: لە کەناری روباری چاد لە وڵاتی چاد لە ئەفەریقیا، شوێنێکی شاخاوی و دارستانی پیشاندا. لەوێ چەند قەبیلەیەکی مەحەلی و کۆنی ئەو شوێنە کە هێشتا بە تەواوەتی جلوبەرگیان لەبەردا نەبوو، لەگەڵ مێگەل و گاڕانەکەیان دەژیان، لە چەند جێیەک پیشانیدا کە کۆمەڵێک لە گوند لەوێ خەڵکەکەی هەروا دەژیان، قەڵاتێکی گەورەش کە هی سەرۆکی قەبیلەکەیە لە ناوەڕاستی گوندەکەدابوو، چەندماڵێکی دیکەی جیاواز کە لە شەخسیەتەکانی ئەوێن- کەسانێک چەند مەڕ وماڵاتێکیان هەبوو- لەوێ بوون. لە پاشان پیشانیدا کە لەو شوێنەی ئەو قەبیلەیە هێشتا قوتابخانە نییە، جادە نییە، خەڵکی ئاسایی هێشتا جلوبەرگێکی وا باشیان نییە و تەنها پۆشاکێکی ئاسایی و سادەیان هەیە. هێشتا ماڵیان نییە، تێکڕای خەڵکەکە لە قۆناغی رەشماڵنشینی ژیان بەسەر دەبەن. لە پاشان پیشاندەدات کە دوو ئۆتۆمۆبیلی زۆر نوێی"رینۆ" بە قەراغی لە زێڕ دروستکراو لە بەر دەرگای ئەو قەڵاتە، قەڵاتی خانێکی سێ هەزار ساڵ لە مەوپێشە -کە لەسەر هەمان شێوازی قەبیلەیی نیوە وەحشییە- بەستراوەتەوە. هەروەها دەیویست نیشان بدات کە خەڵکی ئەو شوێنە سەرگەرمیان ئەسپە، خانی ئەم قەبیلەیە و لەگەڵ خانی ئەو قەبیلەیە شانازیان بە یەکترییەوە دەکرد، لەسەر شانازییە شەخسی و بنەماڵەییەکانیان پێشبڕکێیان دەکرد، هەروەها لە سەر ئەسپەکانیان و سەگەکانیان و مێگەل و مەڕەکانیان.. پێشبڕکێ و ململانێیان بوو.
ئێمە کە ناتوانین ئەسپ بەرهەم بێنین، چونکە خۆیان ئەسپیان هەبوو و ئەسپسواریان دەکرد، هەرکەسێک باشترین ئەسپی هەبوو لە هەمووان شۆرەتی زیاتر بوو و هەموو حەسرەتیان پێدەبرد، هەموو هەوڵی ئەوەیان بوو کە ئەسپێکی باشتر لە ئەسپی وی ئامادە بکەن، هەر بۆیە تا ئەو کاتەی ئەو نەریتە لەوانەدا هەبێت، ئیدی ئەوانە سەیارە ناکڕن، بەڵکو ئەسپ دەکڕن، ئەسپیش ئێمە بەرهەمی ناهێنین بەخۆی بەرهەم دێت، دەبێ ئێمە کارێک بکەین کە ئەو سەیارە بکڕێت. هەروەها ژنی سەرۆک قەبیلە، بە هەمان کەتیرە و شیلەی دار و درەختی دارستانی ئەوێ خۆی دەڕازاندەوە بە جوانترین شێوە خۆی دەڕازێنێتەوە کە ئەوان هەموو پەسندیانە، بە جلوبەرگی خۆماڵی، هەروەها بە هەڵپەڕکێ و خۆراک

و شەربەتی خۆماڵی. بەم پێیە نە خێزانی ئەو پێداویستییەکانی خۆرازاندنەوەی "کریستن دیور" ی پاریس دەکڕن و نە خۆیشی"رینۆ"ی پاریس دەکڕێت، کەواتە من هیچ کاتێک ناتوانم کەلوپەلەکانم بۆ ئەوێ ببەم. بەهەرحاڵ لە سەرەتادا کاری زۆر ویست تا ئەو کۆمەڵناسە پسپۆڕەی ئێمە بتوانێت لەو شوێنە کارێک بکات. پێش ئەوەی لەوێ جادە دروست کرابێت، پێش ئەوەی خەڵکی ئەوێ بکەونە قۆناغی نیشتەجێ بوون لە شوێنێک، سەیارەیان بۆ بێت. یەکەم جار سەلیقەی وی لەسەر ئەسپ بوو، کە دوو ئەسپی زۆر جوان و نەجیب و چاپوک لەبەر دەرگای قەڵاتەکە بەسترا بووەوە، یان چاکترین سەگی راوی هەبوو..... ئێستا بە جۆرێک سەلیقەی ئەو پیاوەمان گۆڕی، واتە نوێمان کردەوە، کە لە جیاتی ئەوەی شانازی بکات و بڵێت "دوو ئەسپی نەجیب و زۆر جوانم لەبەر دەرگای قەڵاتەکەم بەستۆتەوە"، ئێستا شانازی دەکات کە "دوو ئۆتۆمۆبیلی رینۆی بە قەراغی لە زێڕ دروستکراوم لەبەر دەرگای قەڵاتەکەم بەستۆتەوە"! گووتم: جادەیان لە کوێ بوو؟ گووتی: جارێ بە شێوەیەکی کاتی 7 ، 8 کیلۆمەتر جادەیان لە دەوروپشتی قەڵاتەکە دروست کردووە، لەسەرەتادا کە ئۆتۆمۆبیلەکەیان کڕی بوو، کەمێک پێی دەڕۆیشتن و هەر لەو شوێنە دەیانهێنا و دەیانبرد، پێیان لە بەنزین دەنا و خەڵک کۆ دەبوونەوە و دەهاتنە تەماشای، سایەقیان نەبوو، لێرە بۆیان بردوون، سایەق حەوت، هەشت مانگێک لەوێ بوو مانگانەیان پێدەدا. بەنزینخانە نەبوو، لە شوێنێکی دوور دەبوایە بە بەلەم بەنزین بۆ ئۆتۆمۆبیل بێنن!

بەم شێوەیە دەبینین کە ئامانجی ئەو بە شارستانی کردنی راستەقینەی ئەو خەڵکانە نییە، بەڵام لە راستیدا ئەوان بە مۆدێرن کراون. ئەو کەسەی کە بە ئەسپ شانازی دەکرد یان ئەسپسواری دەکرد، ئێستا بە ئۆتۆمۆبیلەکەی خۆی شانازی دەکات و ئۆتۆمۆبیل سوار دەبێ. ئەو سەرۆکی قەبیلەیە یان ئەو فەردە ئاسیای و ئەفەریقاییە لە راستیدا بە مۆدێرن بووە، بەڵام دەبێ زۆر سادە بین یان سەرپێی حوکم بدەین و بڵێین ئەو بە شارستانی بووە!

نوێکاری برتییە لە گۆڕینی دابونەریتەکان، بە کارهێنانە هەمە جۆرەکانی ژیانی ماددی، لە کۆنەوە بۆ نوێ. بێگومان کۆنەکە خودی غەیرە ئەوروپاییەکان– هەر کەسێک لە کۆمەڵگەکەی خۆی– دروستیان دەکرد، بەڵام نوێ ماشینەکانی سەدەکانی هەژدەهەم، نۆزدەهەم و بیستەم دروستی دەکات.

بەم شێوەیە، دەبێ هەموو خەڵکێکی دوور لە کۆمەڵگەی ئەوروپا نوێ بکەینەوە، بۆ ئەوەی نوێ ببنەوە بە مۆدێرن بن، لە پێشدا دەبێ لەگەڵ ئایین شەڕ بکەین، چونکە ئایین دەبێتە هۆی ئەوەی هەر کۆمەڵگەیەک بە ئایینەکەیەوە لە خۆیدا شەخسیەت هەست پێدەکات. ئایین واتە مەعنەویەتێک کە هەر کەسێک خۆی بەو مەعنەویەتە بەرزەوە دەبەستێتەوە. ئەگەر ئەو مەعنەویەتە سوک بکەین و لەناوی ببەین، ئەو ئینسانەمان– ئەو ئینسانەی کە خۆی بەو مەعنەویەتە بەستۆتەوە– سوک کردووە، هەر بۆیە ئەمە بوو لە ناکاو لە سەرانسەری ئاسیا و ئەفریقا و رۆژهەڵات و رۆژئاوا، بزاڤی دژایەتی کردنی تەعەسوب لە رێی رۆشنبیرانی نێو خۆی ئەو وڵاتانە سەریهەڵدا.

فانون دەڵێت: ئەوروپا دەیویست تێکڕای خەڵک دوور لە ئەوروپا ئەسیری ماشین بکات، ئایا دەکرێ ئینسان یان کۆمەڵگەی بەشەری، پێش ئەوەی شەخسیەتەکەی لێداماڵرێت و لێبسەنرێتەوە ئەسیری ماشین بکرێت، یان ئەسیری بەرهەمێکی تایبەتی ئەوروپایی بکرێت؟ هەر بۆیە لە پێشدا دەبێ ئەو ئینسانە لە شەخسیەت دابماڵرێت.

ئەو شتانە چین کە بە کۆمەڵگەیەک شەخسیەت دەبەخشێ؟ 1– ئایینی ئەو کۆمەڵگەیە بەو کۆمەڵگەیە شەخسیەت دەبەخشێ 2– مێژووی ئەو کۆمەڵگەیە بەو کۆمەڵگەیە شەخسیەت دەبەخشێ 3– فەرهەنگی ئەو کۆمەڵگەیە، کە کۆمەڵێک حەز و مەعنەویات و ئەفکار و گەنجینەی هونەری و ئەدەبییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بەو کۆمەڵگەیە شەخسیەت دەبەخشێ.

من لە سەدەی نۆزدە وەک ئێرانییەک هەستم دەکرد کە سەر بە شارستانیەتێکی مەزنی سەدەکانی 4 و 5 و 6 و 7 و 8 ی ئیسلامیم کە لە دنیادا بێوێنە بوو، تێکڕای جیهان لە ژێر تەئسیری شارستانیەتی ئێمە

بوو، هەستم دەکرد کە سەر بە فەرهەنگێکی چەندین سەدەم (زیاتر لە بیست سەدە) کە بە شێوەی جۆراوجۆر، فەرهەنگی تازە، مەعنەویەتی تازە، ئەدەب و هونەری تازەی لە دنیای مرۆڤایەتی هێناوەتە ئاراوە و داهێناوە، یان سەر بە ئیسلامێکم کە بەرزترین و نوێترین و جیهانی ترین ئاینی دنیایە و ئەو هەموو مەعنەویەتەی هێناوەتە کایەوە و مێژوویەکی پڕ لە سۆزی گەورەی ئینسانی، پڕ لە رووداوی مەزن، پڕ لەو هەموو تەجرەبەی کە نەژادە جیاوازەکانی کە لە ئیسلامدا بە دەرکەوتوون، بە دەستیان هێناوە. سەر بە ئیسلامێکم کە جوانترینی رۆحەکان و بەرزترین روخساری ئینسانی پەروەردە کردووە. من دەمتوانی بە ناوی ئینسانێک، لە بەرامبەر دنیا و لە بەرامبەر هەر کەسێک. لە خۆم هەست بە شەخسیەتی ئینسانی بکەم. بەم پێیە"من" ێکی ئاوها چۆن دەکرێ وام لێبکەن وەک ئالەتێک کە تەنها نرخ و بەهام ئەوە بێت کەلوپەلی نوێ بەکاربێنم؟ هەرگیز ناکرێ. دەبێ ئەو ئینسانە لە شەخسیەت و لەو "من"انە و"من"کان و "من"ەکانی کە لە خۆم هەست پێدەکەم لێی دامالین، دەبێ وا هەست بکات و باوەڕی وا بێت کە شارستانیەتی ئەوروپا، شارستانیەتی رۆژئاوا و نەژادی رۆژئاوا، شارستانیەت و فەرهەنگ و نەژادێکی باشترە. ئەفەریقا پێویستە باوەڕی وا بێت کە ئەفەریقایی وەحشی بووە، تا وەسوەسەی "بە شارستانی بوون" لەو پەیدا بێت، و چارەنووسی بە سادەیی لەبەر دەستی من دا بێت تا بە شارستانی بکەم، و ئەو کاتەیش ئەگەر لە جیاتی بە شارستانی بوون، بە مۆدێرنی بکەم، تێنگات!

ئەمەیە کە لە سەدەکانی 18 و 19 دەبینین، ئەفەریقایی بوو بە ئادەمخۆر و وەحشی، کەچی شارستانیەتی ئیسلامی بۆ چەندین سەدە لەگەڵ ئەفەریقای رەش سەروکاری هەبوو و هەرگیز ئەفەریقایی وەک ئادەمخۆر لەکن موسڵمانەکان ناوبانگی نەبوو! ئەمە ئەوروپاییە کە دەبێ ئەفەریقایی بکات بە ئادەمخۆر: " ئەفەریقایی و رەش پێست بۆنێکی دیکەی هەیە، بەڵکو هەر لە نەژادێکی دیکەیە، رەش پێست بەشی خۆڵەمێشی خانەکانی مێشکی کار ناکات، کلکی خانەکانی مێشکی رۆژهەڵاتی و ئەفەریقایی- بە پێچەوانەی ئەوروپایی - کورتترە" ! و تەنانەت زانایانی پزیشکی و بیۆلۆژی سەلماندویانە کە مێشکی رۆژئاوایی چینێکی خۆڵەمێسی زێدەتری هەیە و کە لە هەستی ئینسانی رۆژئاوایی و سپی پێست دەخالەت دەکات، و لە رۆژهەڵاتی و رەش نییە، هەروەها خانەی مێشکی رۆژئاوایی پاشکۆیەکی زێدەتری هەیە، هەر بۆیە زیاتر بلیمەت و عاقڵ لەوانەوە پەیدا دەبێت و رۆژهەڵاتی نیەتی، لە پاشان دەبینین کولتورێکیان هێناوەتە دی کە باشتری رۆژئاوا و شارستانیەت و ئینسانەکانی دەردەخات، باوەڕیان بە ئێمە و دنیا هێناوە کە لە ئەوروپایی ئامادەیی عەقڵی بە هێزترە و لە رۆژهەڵاتی نییە، لە رۆژهەڵاتی ئامادەیی ئیحساسی و عیرفانی بە هێزە نەک عەقڵی و تەکنیکی، لە وەحشی و رەش پێست سەما و یاری و مۆسیقا و گۆرانی و نیگار و پەیکەرسازی، بەم پێیە دنیا دابەش بووە: نەژادێک کە دەتوانێ بیر بکاتەوە، تەنها ئەوروپاییە، لە یۆنانی کۆنەوە بگرە تا ئەوروپای ئەمرۆ، رۆژهەڵاتی تەنها دەتوانێ بە باشی ئیحساس بکات و شیعر بنووسێت، یان هەستی سۆفیانە و عیرفانی هەبێت، رەش پێست دەتوانێ بە باشی جاز لێبدات، باش گۆرانی بڵێ و باش سەما بکات. لە پاشان ئەو رێبازە فکرییە کە ژێرخانێکی ئیعتیقادی بوو کە دەبێ بۆ بە مۆدێرن کردنی کۆمەڵگاکانی غەیرە ئەوروپایی بۆ هەموو دنیا بخرێتە روو، کە لە پاشان بوو بە ژێرخانی فکری رۆشنبیران و خوێندەوارانی کۆمەڵگاکانی غەیرە ئەوروپایی واتە رۆشنبیرانی ئێمەش، دواتر دەبینین بۆ ماوەی سەد ساڵێک شەڕێکیان لەو کۆمەڵگایانە بەر پا کرد بە ناوی شەڕی نوێگەری و پێشکەوتوخوازی، کە ئەحمەقانەترین شەڕێکە تا ئێستا ئینسان دەستی دواەتێ.

نوێگەری لە چ شتێک؟ نەک لە فکر بەڵکو لە مەسرەف، پێشکەوتن لە چ شتێک؟ لە شێوە و لە مەسرەف، ئەم شەڕەش هەڵبەتە بە سوودی نوێگەر تەواو بوو، و ئەگەر بە سوودی پێشکەوتووش- بەم شێوەیە- تەواو دەبوو، دوبارە بە سوودی خەڵک نەبوو، چونکە لەم شەڕەدا - شەڕی نوێگەر و پێشکەوتوو- ئاڵا هەڵگرەکەی ئەوروپایی بوو. بە ناوی "بە شارستانی کردن" شەڕی"نوێکردنەوە" دەستپێکرد، لە پاشان

سەدساڵ و زیاتر لە سەد ساڵ کۆمەڵگاکانی ئەفریقایی و غەیرە ئەوروپایی و رۆژهەڵاتی، لە ڕێی خوێندەوارانی ئەو کۆمەڵگایانە ، بە ڕێی نوێکارییەوە چوون بە بەرەوە.
ئەو خوێندەوارانە چۆن دروست بوون؟ بە داخەوە! سارتەر نیشان دەدات و دەڵێت:
ئێمە ئەو لاوانەی وڵاتانی ئاسیایی و ئەفەریقایی دەستە دەستە کۆمان دەکردنەوە بۆ ئەمستەردام و پاریس و لەندەن و بەلجیکامان دەهێنان، چەند مانگێک دەمانگەڕاندن، جلوبەرگەکانمان دەگۆڕین، خۆ جوانکردنیان دەگۆڕین، سەما و ڕێورەسم و ئەتەکێت و پەوەندییە کۆمەڵایەتیەکانمان فێر دەکردن، زمانێکی تێکشکاوی دەڵاڵنمان فێر دەکردن لە پاشان دەمانگەڕاندنەوە بۆ وڵاتی خۆیان، ئەوانە ئینسان نەبوون خۆیان بدوێن( ئینسان کەسێکە خۆی بدوێت) بڵندگۆی ئێمە بوون: ئێمە لێرەوە دروشمەکانی"ئینسانیەت" و "یەکسانی"مان بانگەواز دەکرد لە پاشان دەمانبینی کە هەمان ئەو بڵندگۆیانەمان، کە گەڕاندومانەتەوە بۆ وڵاتی خۆیان، لەوێ بانگەوازەکان و دروشمەکانی ئێمە تەقلید دەکەنەوە(ئینسانیەت، یەکسانی) بە گوێی خەڵکی خۆیان بگەیەنن. لە پاشان هەمان ئەمانە لە خەڵکی خۆیان بگەیەنن کە " دەبێ تەعەسوب نەهێڵین، دەبێ ئایینمان بخەینە لاوە، دەبێ فەرهەنگی خۆماڵی و داڕزاوی خۆمان کە ئێمە لە کۆمەڵگەی مۆدێرنی ئەوروپایی بە دوا دەخات، بخەینە لاوە و دەبێ لە مێشکی سەر هەتا نینۆکی پێ ببین بە" فەڕەنگی"! چۆن دەکرێ بە دەرچوون و گواستنەوە ببی بە فەڕەنگی؟ مەگەر شارستانیەت کەلوپەلێکە بتوانی لە شوێنێک بیبەیە دەرەوە لە شوێنێکی دی بیهێنیە ناوەوە؟ نوێکاری برتییە لە کۆمەڵێک کەلوپەلی نوێ کە دەکرێ لە کۆمەڵگەیەک لە ماوەی چەند ساڵێک بە تەواوەتی نوێ بکرێتەوە، هەر وەک فەردێک دەتوانێ لە ماوەی شەو و ڕۆژێک بە تەواوەتی خۆی نوێ بکاتەوە، هەتا نوێتر لە ئەوروپایی خۆی! ئەگەر مەسرەف و خۆجوانکردنی بگۆڕێ، ئەو نوێ دەبێتەوە، ئەوانیش جگە لەوە شتێکی دیکەیان نەدەویست!
بەڵام بەو سادەییە ناکرێ بە شارستانی، شارستانیەت و فەرهەنگ ئەو کەلوپەل و ئامێرانە نییە کە لە ئەوروپاوە دروست کراوە، و گووتویانە کە ئەوانە شارستانیەتە و هەر کەسێک لەوانەی هەبێت، بە شارستانی بووە، و لە پاشان ئێمە بە هەڵپە و ئارەزووەوە هەموو شتێکمان خستە لاوە، تەنانەت شەخسیەتی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و مەعنەویەتی خۆشمان، بووین بە لێوێکی تینوو بۆ مژینی ئەوەی ئەوروپا لە دەممانی دەنێ. ئەمەیە مانای نوێکاری! لە پاشان ئینسانێک هاتە کایەوە خاڵی لە هەموو جۆرە رابردوویەکی خۆی ، بێگانە بە مێژوو، بێگانە بە ئایین، بێگانە لە هەرچی نەژادی ئەوە، کە مێژووی ئەو و پێشینانی ئەو لەم دنیایە دروستیان کردووە، بێگانە بە تایبەتمەندییە ئینسانییەکانی، ئینسانێکی دەستی دووەم، ئینسانێک کە مەسرەفەکانی گۆڕاوە، بەڵام بیری نەک نەگۆڕاوە، بەڵکو هەتا بیری دێرین و جوانیەکانی رابردووی خۆی و مەعنەویاتێکی کە هەیبوو، ئەوانەشی نەپاراست و لە خۆی خاڵی کردەوە. وەک جان پۆل سارتەر گووتەنی: ئێمە لەم وڵاتانە"ئەسیمیلە"یەکمان هێناوەتە بەرهەم وێکچووی رۆشنبیرانی خۆمان، نیوە خوێندەواری وەک خۆمان، بەڵام نە خوێندەوارە و نە رۆشنبیر، رۆشنبیر کەسێکە کە کۆمەڵگەکەی و ئێش و ئازارەکانی دەناسێ، خۆی دەتوانێ چارەنوسی خۆی دیاری بکات، دەزانێ کە کۆمەڵگەکەی چییە، رابردووی چییە، مەعنەویەتی چییە، شەخسیەتی خۆی دەناسێ، و خۆی دەتوانێ هەڵبژێرێ، بەڵام ئێمە "ئەسیمیلە" مان لەم وڵاتانە هێناوەتە بەرهەم، واتە خەڵکانێکمان بە رووالەت لە کۆمەڵگە غەیرە ئەوروپاییەکان هێناوەتە بەرهەم کە وەک خۆمانن-ئەسیمیلە- و ناویشیان هەر هەمان ئەو ناوەیە کە خۆمان هەمانە "رۆشنبیر". ئیدی خەڵکیش تەماشای دەمی ئەوانیان دەکرد، کە ببینن رۆشنبیران چ دەڵێن. رۆشنبیران لە کۆمەڵگە غەیرە ئەوروپاییەکان چ کەسانێک بوون؟ بریتی بوون لە واسیتەی نێوان ئەو کەسەی کەلوپەلی هەیە و دەیەوێ ساغی بکاتەوە لەگەڵ خەڵکێک کە دەبێ ببن بە بەکارهێنەری ئەو کەلوپەلانە. ئەم واسیتەیە پێویستە زمانی خاوەن کەلوپەلەکان تێبگات و بزانێ چی بکەن، و زمانی خەڵکیش تێبگات، ئەوە بوو کە "رۆشنبیری وێکچووی" خۆماڵیان دروست کرد،

که ویکچووی" رۆشنبیری ئەوروپاییە" ە: خۆی جورئەتی نییە هەڵبژێرێت، و خۆی جورئەتی نییە دەست نیشان بکات، خۆی جورئەتی نییە بڕیار بدات و بە خۆشی نازانێ مانای خۆی چییە!
لەپاشان خەڵکانێک پەیدا بوون، تا ئەو رادەیە نزم و کەم لە رووی پلەی ئینسانیەوە: شەربەتێک دەخواتەوە، دەڵێین تامی خۆش بوو یان ناخۆش؟ مۆسیقایەکی گوێ لێدەبێ، دەڵێن خۆش بوو یان ناخۆش؟ جلوبەرگێک دەپۆشی، دەڵێین پەسندی دەکەی یان نا؟ جورئەتی نییە کە بڵێ ئەو شەربەتە تامی خۆشە یان ناخۆش، ئەو مۆسیقایە خۆش بوو یان ناخۆش، ئەو جلوبەرگە پەسندی دەکەم و پەسندی ناکەم. چونکە ئەوە خۆی نییە پەسندی بکات، دەبێ بە ئەو بگووترێ کە ئێستا ئەم جلوبەرگە پەسند بکە،و ئەویش پەسندی دەکات و ئەگەر بڵێین کە ئەم ژەهرە مارە کە بۆ مەیل و چەشەی تۆ ناگونجێ و ئەمڕۆ ئەوروپایی دەیخواتەوە، دەبینین ئەویش دەیخواتەوە و جورئەتی نییە کە بڵێ ئەوەم پەسند نییە، چەشەی من لەگەڵ ئەوە سازگار نییە و خۆشم ناوێ.
ئەمەیە کە دەبینی، "کارۆلا گرابێرت" کە پسپۆری وڵاتانی غەیرە ئەوروپاییە، دەڵێت: لە ئەمەریکا و ئەوروپا، زۆر لە ئەوروپایی و ئەمەریکییەکان کە مۆسیقای(جاز) یان حەز لێ نییە و رقیان لێیە، و هەر کاتێک جاز لێدەدەن یان رادیۆ جاز لێدەدا، ئەوان هاوار دەکەن کە" ئەم مۆسیقایە زۆر بە دەنگە دەنگ و غەڵبە غەڵب و هاوارە" بەڵام لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی و ئیسلامی هیچ موسڵمانێک جورئەتی نییە بڵێ کە (جاز)م حەز لێ نییە و پەسندی ناکەم، ئەوەندە کە جورئەتی هەبێ رەنگی جلوبەرگەکەی خۆی هەڵیبژێرێ و تامی شەربەت و خواردنەوەی خۆی پەسندی بکات، ئەوەندە جورئەتی نابێ هەبێ. وەک فانون گووتەنی: بۆ ئەوەی کۆمەڵگای غەیرە ئەوروپایی ببن بە لاسایی کەرەوەی ئێمە و هەر کارێکی کە ئێمە دەیکەین ئەویش وەک مەیمون بیکاتەوە، تەنها ئەوەیە کە بۆ ئەو بسەلمێنین کە لەگەڵ ئینسانی رۆژئاوایی خاوەن شەخسیەتێکی یەکسان نییە، ئایینەکەی و مێژوو و ئەدەب و هونەرەکەی بێ قیمەت بکەین و ئەوجا لەگەڵ هەموو ئەوانە بێگانەی بکەین. بەم شێوەیە ئەوەی کە بە ئینسان شەخسیەت دەبەخشێ: ئایین(واتە ئیمانی ئینسانێک) فەرهەنگ (واتە هەموو تایبەتمەندییەکانی ئینسانێک)، و رابردووەکەی(واتە تێکڕای شانازییەکانی کۆمەڵگە). یەکەم: لەگەڵ هەموو ئەوانە بێگانەی بکەین کە نەزانێ ئەوانە چییە، دووەم: رق بوونەوە لە هەموو ئەوانە لەو ئینسانە دروست بکەین، و باوەڕی وا بێت کە نزمترە لە من، کاتێک ئەو باوەڕەی لەلا دروست بوو، ئیدی هەموو هیوا و ئاواتەکانی ئەوە دەبێت کە بە هەر شێوەیەک بۆی بکرێت خۆی بە درۆ بخاتەوە، واتە لەگەڵ خۆی و ویژدانی خۆی و هەموو پەیوەندییەکانی خۆی داببڕێت، و بە هەر شێوەیەک خۆی بە خاوەنی کەمایەتییەکی وا نەزانێت، واتە خۆی بە ئەوروپایی بچوێنێت، تا هەر غەیرە ئەوروپاییەک لانی کەم بڵێت" سوپاس بۆ خوا، من رۆژهەڵاتی نیم، من توانیم خۆم لە سەر ئاستی ئەوروپاییەک نوێ بکەمەوە" ئەمە لە کاتێک کە غەیرە ئەوروپاییەک خۆشحاڵە کە بۆتە "شارستانی"، سەرمایەدار و بۆرجوازییەکانی ئەوروپا لە نێو قوڵایی دڵیاندا پێدەکەنن کە ئەو " بۆتە بەکارهێنەری کەلوپەلەکانی من"!

bewar11@yahoo.com